# کەتەلۆنیا پرسی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی هەڵپەسارد

# حکوومەتی ئیسپانیا: ئەوە مایەی قبووڵکردن نییە

## سەرۆکی کۆنسەی یەکێتی ئەورووپا: داوا لە ئێوە دەکەم ڕێز لە دەستوور بگرن و بڕیارێک نەدەن کە دیالۆگ ئەستەم بکات



سەرۆکی حکوومەتی ئیدارەی سەربەخۆیی کەتەلۆنیا لە ڕۆژهەڵاتی ئیسپانیا، کارلۆس پیوگیدمۆنت ڕایگەیاند کە ئەوان پرسی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیان هەڵپەساردووە. پەرلەمانی خۆجێی کەتەلۆنیا، بۆ یەکەمین جار لە دوای ئەنجامدانی گشتپرسی سەربەخۆیی هەرێمەکەیان کە لەلایەن دادگای دەستوورییەوە بە نایاسایی ناوبرابوو، کۆبووەوە. لەمبارەیەوە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کەتەلۆنیا، پیوگیدمۆنت ڕایگەیاند: بەپێی ئەنجامی گشتپرسی سەربەخۆیی 1ی تشرینی یەکەم، هەرێمی کەتەلۆنیا مافی سەربەخۆیی بەدەسهێناوە، ئەو ئەرکە دەخەمە ئەستۆ کە گەل بە مەبەستی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی هەرێمی کەتەلۆنیا بە منیان داوە، بەڵام بۆ کردنەوەی دەرگای دیالۆگ لەگەڵ حکوومەتی ئیسپانیا، پرسی ڕاگەیاندنی گشتپرسی هەڵدەپەسێرم، دەمەوێ حکوومەتی ئیسپانیا ئەو نێوەندگیرییە قبوڵ بکات.



### پەیامم بۆ کەمکردنەوەی بارگرژی دەبێت نەک زیادکردنی

پیوگیدمۆنت گوتیشی: هەرگیز گوێبیستی هەڕەشە لە منەوە نابن. پەیامم بۆ کەمکردنەوەی بارگرژی دەبێت نەک زیادکردنی. هەرچەند هەموومان خاوەنی یەک بۆچوون نین، بەڵام پێکەوە دەتوانین بژین. ناوبراو بەرگری لەوەش کرد کە هەرێمی کەتەلۆنیا ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە مۆدێرن بوون و سەقامگیربوونی ئابووری ئیسپانیا لە دوای مردنی دیکتاتۆر فرانکۆ، بەڵام حکوومەتی ناوەندی چاوپۆشی لەم ڕاستییە دەکات. سەرۆکی کەتەلۆنیا جەختی لەسەر هەڵوەشاندنەوەی پێگەی هەرێمی کەتەلۆنیا لە ساڵی 2010 کردەوە لە لایەن دادگای دەستووری ئیسپانیا و ڕایگەیاند: لە دوای بڕیاری دادگای دەستووری، دەوڵەتی ئیسپانیا هیچ شتێکی نەکرد. کەتەلۆنییەکان بینیان کە تاکە گەرەنتی بۆ مانەوەیان لە ژیان، دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیانە.

### دەمانەوێت دەنگی خۆمان بەکاربهێنین

پیوگیدمۆنت پەیامێکی ئاراستەی گەلی ئیسپانیا کرد و گوتی: پێشەکی ئارەزووی پەیوەندی باش لەگەڵ ئیسپانیا و گەلی ئیسپانیا دەکەین. ئێمە تاوانبار، شێت یاخود کودەتاچی نین. گەلی ئاساین کە دەمانەوێت دەنگی خۆمان بەکاربهێنین. لە دژی ئیسپانیا و ئیسپانییەکان نین. بە پێچەوانەوە دەمانەوێت بە باشی لەگەڵ یەکتر بەڕێوە بچین.

### هێرشکرایە سەر ئەوانەی چوونە بەردەم سندووق

تاکو ئێستا گشتمان بینیمان کە پەیوەندییەکان بەڕێوە ناچێت. لە سەرووی دەستوورەوە، دیموکراسی هەیە و پێویستە هەموو لایەک ئەمە ببینێت. ناوبراو لە گوتەکانیدا بە فراوانی باسی هێرشی پۆلیس و جەندرمەی ئیسپانیا لەکاتی بەڕێوەچوونی گشتپرسییەکە کرد کە لە ئەنجامدا زیاتر لە 800 کەس بریندار بووبوون. سەرۆکی کەتەلۆنیا لە کۆتایی قسەکانیدا گوتیشی: بۆ یەکەمجار لە دیموکراسی ئەورووپا لە ڕۆژی هەڵبژاردندا پۆلیس هێرشی کردە سەر ئەوانەی کە چوونە بەردەم سندووق و ڕووبەڕووی فشاری دەروونی بوونەوە. هاوکات گوێبیستی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان بوون.

### کاردانەوەی میدیاکانی ئیسپانیا

میدیاکانی ئیسپانیا هەڵپەساردنی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کەتەلۆنیا لە لایەن سەرۆکی هەرێمەکە، کارلێس پیگدێمۆنت بە گێچەڵێک دادەنێن کە گرژییەکانی ناوچەکە درێژە پێدەدات. ڕۆژنامەی ئێل مۆندۆ لە هەواڵێکدا کە بە سەردێڕی "گاڵتەجاڕی و گێچەڵ" بڵاویکردووەتەوە، نووسیویەتی، "هەڵپەساردنی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و دەستپێکردنی دانوستانەکان لە لایەن کارلێس پیگدێمۆنت، دوای چەند کاتژمێرێک لە لایەن پەرلەمانتارە جوداخوازەکانەوە واژووکرا. ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و دامەزراندنی کۆماری کەتەلۆنیا، داوادەکرێت لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و حکوومەتەکانەوە دانی پێدابنرێت. کارلێس پیگدێمۆنت گێچەڵی بە دەوڵەت کرد و پارتیCUP کە لە دەرەوە پشتگیری لە سەرکردەکانی کەتەلۆنیا دەکرد، گێچەڵی بە کارلێس پیگدێمۆنت کرد". هەواڵەکە ئاماژەی بەوە داوە، کارلێس پیگدێمۆنت لە پێناو بەدەستهێنانی کات و ڕێگریکردن لە ڕاگرتنی مافەکانی کەتەلۆنیا لە لایەن حکوومەتی ئیسپانیاوە، سەربەخۆییەکی دواخراوی ڕاگەیاندووە. ڕۆژنامەی ئەل پایس هەواڵێکی لەژێر ناونیشانی "سەربەخۆیی وادە بۆدانراو، درێژەپێدەری پشێوییەکانی کەتەلۆنیا" بڵاوکردووەتەوە. ڕۆژنامەکە ڕایگەیاندووە "تەڵەیەکی نوێ لە لایەن کارلێس پیگدێمۆنت دانراوە. هەڵپەساردنی کاریگەرییەکانی جیابوونەوە، ئەو گورزە ناشارێتەوە کە کارلێس پیگدێمۆنت لە دیموکراسی داوە. ئەوەی کە ریفراندۆمەکەی یەکی تشرینی یەکەم ئەنجامی هەبووە، درووست نییە. چونکە ناکرێت ریفراندۆمێکی نایاسایی بەڕێوەبچێت. کارلێس پیگدێمۆنت بەدوای دایەلۆگێکی هەڵخەڵەتێنەردا دەگەڕێت. ئەمە هۆشدارییەکی درێژە بە پشێوییەکانی کەتەلۆنیا دەدات ."لەلایەکی دیکەوە ڕۆژنامەی لا ڤانگاردیای کەتەلۆنی نووسیویەتی "کارلێس پیگدێمۆنت سەربەخۆییەکی هەڵپەسێردراوی ڕاگەیاند "و تێیدا هاتووە "سەرۆکی کەتەلۆنیا، لە ڕێگەی پێشنیازی دایەلۆگەوە هەوڵیدا ماوەی چەند هەفتەیەک لە کات دەستەبەربکات. لە ڕێگەی فشارەکانی CUPەوە دەسەڵاتی کەتەلۆنیا، ڕاگەیەنراوی سەربەخۆیی واژووکرد ."هاوکات هەریەک لە ڕۆژنامەکانی ئەل پێریۆدیکۆ و ئەل پونت ئاڤی ناونیشانی "مۆڵەت"یان بەکارهێنا و باسیان لەوەکرد بۆ وادەیەکی کەم سەربەخۆیی دواخراوە.

### بانگەوازی یەکێتی ئەورووپا بۆ سەرکردەی کەتەلۆنیا

سەرۆکی کۆنسەی یەکێتی ئەورووپا، دۆناڵد توسک: "داوا لە ئێوە دەکەم ڕێز لە دەستوور بگرن و بڕیارێک نەدەن کە دیالۆگ ئەستەم بکات". سەرۆکی کۆنسەی یەکێتی ئەورووپا، دۆناڵد توسک داوای لە سەرکردەی هەرێمی کەتەلۆنیا کرد کە سەربەخۆیی ڕانەگەیەنێت. توسک بەشداری لە چالاکییەک کرد و هەڵسەنگاندنی لەسەر مشتومڕەکانی سەربەخۆیی هەرێمی کەتەلۆنیا کرد. سەرۆکی کۆنسەی یەکێتی ئەورووپا لەبارەی گوتەکانی سەرۆکی حکوومەتی کەتەلۆنیا کارلیس پویگدیمۆنت کە ئاماژەی بەوە دابوو چەند سەعاتێک بۆ سەربەخۆیی ماوە، گوتی: داوا لە ئێوە دەکەم ڕێز لە دەستوور بگرن و بڕیارێک نەدەن کە دیالۆگ ئەستەم بکات. دۆناڵد توسک جەختی لەوەش کردەوە کە نابێت فرە نەتەوەیی ڕێگە بۆ پێکدادان خۆش بکات و ڕاشیگەیاند ئەم دۆخە هەم بۆ کەتەلۆنیا، هەمیش بۆ ئیسپانیا و گشتی ئیسپانیا خراپ دەبێت. سەرۆکی کۆنسەی یەکێتی ئەورووپا ڕوونیشی کردەوە کە پێویستە ئەورووپا لەگەڵ ئەو لایەنانە بێت لە جیاتی جیابوونەوە بەرگری لە یەکێتی بکەن و گوتیشی: ئەوەی چارەنووسی کێشەوەرەکانی دیاری دەکات ئەمەیە.

### کاردانەوەی حکوومەتی ئیسپانیا بەرامبەر بە کەتەلۆنیا

حکوومەتی ئیسپانیا گوتەکانی سەرۆکی هەرێمی کەتەلۆنیا کارلۆس پیوگیدمۆنت بە "ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بە داخراوەیی" وەسف کرد و ڕایگەیاند ئەوە مایەی قبووڵکردن نییە. ئاژانسی EFEی فەرمی ئیسپانیا بڵاوی کردەوە، حکوومەتی ناوەندی ئیسپانیا گوتەکانی سەرۆکی کەتەلۆنیا کارلۆس پیوگیدمۆنت بە "هەوڵێک بۆ نیشاندانی گشتپرسییە نایاسایی و ساختەکە وەک یاسایی" هەڵسەنگاند. لە هەواڵەکەدا ئاماژە بە زانیاری هەندێک لە سەرچاوەکانی حکوومەتی ئیسپانیا کراوە کە حکوومەتی ئیسپانیا ڕێوشوێنی نوێ بەرامبەر بە کارلۆس پیوگیدمۆنت دەگرێتەبەر. هەروەها سەرۆکوەزیرانی ئیسپانیا، ماریانۆ ڕاخۆی ڕایگەیاند کە دەستکراوە بە کار بۆ جێبەجێکردنی 155ـەمین ماددەی دەستوور کە پێشنیاز دەکات مافەکانی خۆبەڕێوەبەریی کەتەلۆنیا بدرێتە حکوومەتی ناوەندیی. دوای ئەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی ئیسپانیا کۆبوونەوەیەکی نائاسایی لەبارەی ڕۆژەڤی پرسی کەتەلۆنیا ئەنجامدا، ڕاخۆی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ڕێکخست و، تیایدا ڕایگەیاند: پێش ئەو هەنگاوانەی حکوومەت لەبارەی جێبەجێکردنی 155ـەمین ماددە دەیانگرێتەبەر داوایان کردووە حکوومەتی ناوخۆی کەتەلۆنیا ئەوە ڕوونبکاتەوە کە سەربەخۆییان ڕاگەیاندووە یان نا. گوتیشی: دوای ئەو پشێوییەی حکوومەتی کەتەلۆنیا لە ئەنجوومەنی گشتیی دروستی کرد، وەک حکوومەتی ئیسپانیا دەمانەوێت ئارامی و ئاسایش بدەینە هاووڵاتییان. لە ئیسپانیا 155ـەمین ماددەی دەستوور کە لە ساڵی1978 پەسەندکرا و چووە بواری جێبەجێکردنەوە، پشینیازی ئەوە دەکات کە ئەگەر لە بابەتەکانی پەیوەست بە هەڕەشەی نیشتمانی و سەروەری بە پێویستی بزانێت ئەوا مافەکانی حکوومەتی خۆبەڕێوەبەریی دەدرێتە حکوومەتی ناوەندیی. ئەو ماددە دەستووریە کە تا ئێستا جیبەجێنەکراوە، پێویستی بە دەنگی زۆرینەی ئەنجوومەنی پیرانە بۆ ئەوەی کاری پێبکرێت. لەبەرئەوەی پارتی سەرەکی ئۆپۆزسیۆن ئیسپانیا پارتی کرێکارانی سۆسیالیت و سیودادانۆسی لیبراڵی، پشتیوانیان لە پارتی دەسەڵاتدار پارتی گەلی ڕاسترەو کردووە بۆ ئەو هەنگاوانەی لە بارەی 155ـەمین ماددەی دەستوورەوە دەیگرێتەبەر، وادەبینرێت کە ئەگەر لە ڕۆژانی داهاتوودا ئەو بڕیارە بخرێتە دەنگدانەوە، ئەوا بە دڵنیاییەوە لە ئەنجوومەنی پیران پەسەند دەکرێت.

### کاردانەوەی فەڕەنسا

هەروەها سەرکۆماری فەڕەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن داوای لە یەکێتی ئەورووپا کرد نێوەندگیری بکات لە قەیرانی نێوان حکوومەتی ئیسپانیا و هەرێمی کەتەلۆنیا. ئەم لێدوانەی ماکرۆن لەدوای کردنەوەی پێشانگای فرانکفۆرتی نێودەوڵەتی بۆ کتێب هات کە لەگەڵ ڕاوێژکار ئەڵمانیا، ئەنگێلا مێرکڵ کردیانەوە. ماکرۆن گوتی: پێویستە یەکێتی ئەورووپا ڕۆڵی نێوەندگیری ببینێت لە قەیرانی نێوان مەدرید و کەتەلۆنیا. سەرکۆماری فەڕەنسا گوتیشی: بۆچی یەکێتی ئەورووپا و فەڕەنسا و ئەڵمانیا دەست لە پرسی کەتەلۆنیا وەرنادەن؟، چونکە یەکێتی ئەورووپا لەچەند وڵاتێکی سەربەخۆ پێکدێت، ئەگەر دەست لە پرسی کەتەلۆنیا وەربدەن بەواتای دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی ئیسپانیا دێت، ئەمەش قبووڵ کراو نییە لە لایەن سەرۆکوەزیران و شاهانە. ماکرۆن وای دەبینێت کە کەتەلۆنییەکان ڕووبەڕووی فشار نابنەوە و جەختی لەوە کردەوە کە بۆ ئەم مەبەستە پاڵپشتی سەرۆکوەزیرانی ئیسپانیا، ماریانۆ ڕاخۆی دەکات.

### کاردانەوەی ئەڵمانیا

ڕاوێژکاری ئەڵمانیا، ئەنگێلا مێرکڵ لەبارەی بارگرژییەکانی هەرێمی کەتەلۆنیا، ڕایگەیاند: هیوای دەستپێکردنی دیالۆگ و چارەسەرکردنی کێشەکە لەسەر بنەمای دەستووری ئیسپانیا دەکەم. مێرکڵ لە دیمانەیەکی لەگەڵ دەزگای ڕاگەیاندنی "Redaktionsnetzwer k Deutschland" بانگەوازی بۆ لایەنەکانی ئیسپانیا کرد کە خۆیان لە هەموو جۆرە گرژییەک دووربخەنەوە. ڕاوێژکاری ئەڵمانیا ئاماژەی بەوە دا کە ناکۆکییەکی جددی لە ئیسپانیا هەیە و گوتیشی: هیوای دەستپێکردنی دیالۆگ و چارەسەرکردنی کێشەکە لەسەر بنەمای دەستووری ئیسپانیا دەکەم.



---

# کار لەگەڵ مار



**فارس قادر فەقێ عەبدوڵلا***

ناونیشانی بابەتەکەم کورتە بەڵام پێم وایە چەندی لە سەری بنووسم تەواو نابێ، چونکە مار بە هەموو پێوەرەکانی زیندەوەر و گیانداڕێکی خشۆکی زیانبەخشەو کۆمەڵێک خەسلەتی درندەیی هەیە و تابلێی ئازاردەر و زیانبەخشە لەسەر ژینگە، تا بتەوێ دەتوانی باسی بکەی و لە سەری بنووسی لە ترسناکی و زیانبەخشی و بە هیچ شێوەیەک ناتوانی سوودی لێ وەربگری، تەنها بە گرتن و کوشتنی نەبێ، یان خستنە ناو سندوقێکی تایبەت نەبێ، ئینجا ئەو کاتە ڕەنگە بتوانرێ سوود لە هەندێ شتی جەستەی وەربگیرێ و سوودی شتەکانیشی گەر بۆ نموونە باس بکەین ژەهرە پیسەکەی بۆ لادانی پیسی بەکاردێت، کەواتە پیسی بە پیسی لەناودەچێ. هەندێ جاریش پێستەکەی بۆ هەندێ پیشەسازی و جوانکاری بەکاردێنن، ئەویش کەواتە تەنها لەو کاتانە سوودی لێ وەردەگیرێ کە بێ گیان دەبێ، بۆیە دەکرێ بڵێین مار بە زیندوویی پیسترین گیانلەبەرەو دژی هەموو ئاژەڵێک و ئادەمیزادێکە، لە هەمووشی گرنگتر ناکرێ بە هێمنی و بە زمان قسەی لەگەڵ بکرێ، بۆیە کورد گوتەنی "شەرعی مار بە دار" کەواتە تەنها دەبێ بەهێز ڕەفتاری لەگەڵ بکرێ و سنووری بۆ دابنرێت و موحاسەبە بکرێ، هەر چەندە مەسەلەیەکی دیکەش هەیە دەڵێت "مار بە قسەی خۆش لە کونێ دێتەدەرێ" بەڵام ناگوترێ دەبێت بە دۆستت، کەواتە مەبەست وایە دەبێت بە سیاسەت و زیرەکی ڕەفتاری لەگەڵ بکەی، بەڵام لە کۆتایدا مار هەر گیانلەبەرێکەو ئەستەمە بتوانرێ ژیانی لەگەڵ بەسەرببردرێ لەبەرچەند هۆیەک نەبوونی ئەمان لەگەڵی، نەبوونی دەم و جەم و نادیاری کاتەکانی و بڕوا نەبوون بە هەڵسوکەوت و فێڵ و فێری و خۆدانوساندنی بۆ کاتی نادیار و بێ وەفایی و نەپاراستنی بۆ هیچ کەس و لایەک و نەبوون و نەگونجانی لەگەڵ ژینگە و کۆمەڵێک بابەتی تر، کەواتە نە شوێن و نەکات و نە بەرنامەی دیار نییە، بەڵام دژایەتی مرۆڤ لە ژیانی جێگیرە، دەکرێ بڵێین بە هیچ شێوەیەک دۆستی کەس نیە. بۆیە لە کوردەواری گەر نموونە لە سەر یەکێک بێنن بڵێن سفلەیە یان بێ مەفەرە، دەڵێن فلان وەک ماری سڕە، هەر گەرم بووەوە پێت وەدەدا. بۆیە گرنگە مرۆڤ کە بڕیاری دا خانوو و ماڵی خۆی دروست بکا، دەبێ پێشوەختە کونەمارەکان بگرێ و سیاجی ماڵی خۆی تەلبەند بکا، چونکە گەر مار ژەهری ڕژاند یەکێک دەکوژرێ، بەڵام کە گەرای دانا میللەتێک هیلاک دەکا و ئەو کات بۆ لە ناوبردنی پێویستی بە ماندوبوون و خەسارەتێکی زۆر دەکات. جا گەر بێینەوە ناو کۆمەڵگەی مرۆڤ و گەر ئاگامان لە خۆمان نەبێ ڕەنگە وەک جیهانی مار و خشۆکەکان یان ئاژەڵ خەڵکانێکی شەڕانگێز یان نەیار و دوژمنەکان ڕۆڵی مار ببینن و لێرە و لەوێ پەلامارمان بدەن و ژەهری خۆیان بڕێژن. بۆیە گەر بەراورد بکەین لە نێوان ئەم دوو حاڵەتە زۆر زەروورە لەمڕۆوە بۆ دروستکردنی ماڵی کوردان هەمووومان چاوکراوە بین تا دوژمن لە ڕێگای مارە پیسەکانی ناوخۆمان گەرای دانەناوە، با ماڵمان تەلبەند بکەین و کون و کەلێنەکان بگرین و ڕاوی مارە پیسەکان بکەین و لێنەگەڕێین مارە سڕەکان جولە بکەن، چونکە مار هەر مارە، دروستکردنی ماڵیش لە بناغەوە پێویستی بە خاوێن کردنەوە هەیە لە هەموو لایەک و دەبێ ڕێگای دەرەوەیان لێ بگیرێت و لە ناوەوەش خۆمان خاوێن بکەینەوە، چونکە مارە ناوخۆییەکان زیاتر دەمانئێشێنێت، بۆیە دەڵێم بۆ هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی دەبێ هەنگاو بۆ خاوێنی و چاکسازیش بە یەک ئاراستەدا بڕوات. با ناوی خوای لێبێنین و پەنا بەخوا و بە دەنگی میللەت بە دەنگی بەڵێ بۆ سەربەخۆیی لە کەس نەترسین، نە لە جەبهەی دەرەوە نە لە خۆفرۆش و گەندەڵەکانی ناوەوە. با بڵێین شۆڕشمان بۆ سەربەخۆییەو ترسیشمان لە کەس نییەو پێویستیشمان بە خۆفرۆش و گەندەڵکاران نییە بۆ ئەوەی سەربەخۆ بین دەبێ بەر لە هەموو شتێک دڵ و دەروون و دەست خاوێن بین، چونکە بە خاوێنی دەتوانین سەربەخۆییمان بپارێزین.

*** ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر (پ. د. ک)**